# گفتوگۆیەك لەگەڵ كاروان عەبدوللا

سازدانی: نیهاد جامی

پرسیار: بۆچی لەچیرۆكی كوردیدا خەیاڵ دەست نیشان كراوەو توانای ئەوەی نییە سنوری واقیع تێ بپەڕێنێت,وناتوانێت بۆخۆی دونیایەكی نوێ دروست بكات كە لەواقیع نەچێتەوە؟

كاروان: لەراستیدا قسە لەسەر چیرۆكی كوردیە, نەك لەسەر چیرۆكی كۆن, پایەی سەرەكی چیرۆكی نوێ خەیاڵو فانتازیایە, ناكرێت چیرۆك بەبێ خەیاڵ بێ, چونكە ئەسڵەن چیرۆك نووس بۆخۆی ئەو چیرۆكەی دەینوسێت یاخود ئەو حیكایەتەی دەیگێڕێتەوە مەرج نییە پەیوەندی بەواقیعەوە هەبێت, خۆی دەستكردی خەیاڵی خۆیەتی بەڵام بەو مانایە نییە كە بەتەواوەتی دابڕاوەلە خەسڵەتەكانی ژیان, چیرۆك بەشێوەیەك لەشێوەكان پەیوەندی بەژیانەوە هەیە, بەڵام ژیانێك كە چیرۆك نووس بۆخۆی دروستی دەكات لەنێو ئەو ژیانە فانتازیاوتایبەتەدا قسەكانی خۆی دەكات, لەنێو ئەو دونیایەدا گەمە بەرووداوەكان دەكات, گەمە بەزمان دەكات, گەمە بەهەموو ئەو شتانە دەكاكە رەنگبێ لەژیاندا نەوترابن, ئەو شتانە دەخاتەرووكەنەمانبینیوونبۆیە من پێم سەیرە دەقێك بخوێنمەوە ئەگەر خەیاڵوشتیناباوی تێدا نەبێت پێی بڵێن چیرۆك, هەر لەم رووەوە باوەڕم وایە هەموو ئەو چیرۆكە سەركەوتووانەی لەچیرۆكی كوردیدا بەرچاو دەكەون ئەو چیرۆكانەن كە لەنێویدا فانتازیا زۆر بەهێزە, بەشێكی گرنگی نووسینەكانی خودی چیرۆكەكەیە, بەمانایەكیتر دەتوانم بڵێم پایەی بنەڕەتی چیرۆك خەیاڵە, چونكە بەڕاستی خەیاڵ رووبەرێكی یەكجار فراوانە بۆ پرۆسەی داهێنان, بەلامەوە سەیرە یەكێك چیرۆكێك لەواقیعەوە وەربگرێت جارێكی تر بیڵێتەوە, مەگەر چیرۆك نووسین نیشاندانەوەی واقیعە یاخوڵقاندنەوەی واقیعێكی دیكەیە كەلەچاوەڕوانی ئێمەدانەبوو.

پرسیار: ئەگەر لەسەر پەیوەندی واقیعو فەنتازیاوە سەیر بكەین ئێمە(لۆرانس) یا (ماركیز)ێكمان نییە بتوانێت گۆڕان لەئاستی كۆمەڵایەتیدا بەرپا بكات, وەك ئەوەی خۆت ئەڵێیت فۆتۆكۆپی واقیع نەبێت, ئایا لە ڕێگەی خەیاڵەوە بۆچی ئێمە نموونەیەكی ئاوامان نیە, تۆپێت وایە ئەو حالەتە بۆچی ئەگەڕێتەوە؟

وەڵام: پەرەسەندنی شێوە نووسینی چیرۆك ئەتوانم بڵێم تەمەنێكی زۆر دوورو درێژی نیە بەنسبەت گەلی كوردوە, بۆیە ناكرێ بەوشێوەیە پرسیار بكەین كەبۆچی ئێمە نووسەرێكی گەورەمان نیە لەو جۆرەی جەنابت ئاماژەت بۆ كرد, زۆرجار دەپرسن كە بۆچی دستۆفسكیەكمان نیە یا چیخۆفێك یا لۆرانسێكمان نیە, من مەسەلەكە بەو شێوەیە نابینم زۆر لەو چیرۆكانەی كە ڕۆژانە بەرچاوم دەكەونو بلاو دەكرێنەوە, چ كورتە چیرۆك بێت یا چیرۆكی درێژ یا رۆمانو كورتە ڕۆمان, چیرۆكی چاكمان بەرچاو دەكەوێ, كێشەكە لەوەدایە ئێمە بەڕاستی زۆرجار مەسەلەكان لەدەرەوەی سیاقی مێژوو وەردەگرین, جۆرێك لەبەراوورد لە نێوان چیرۆكنووسی كوردو چیرۆكنووسی جیهانی دەكەین, بۆیە دەكەوینە ئەو سەنگەرە كەوای دەبینین جیاوازیەكی یەكجار زۆر هەیە, كێشەكە لەوەدایە مەسەلەی ئەدەب بەچاوی ڕیازی, واتا لەئەدەب ڕادەبینن كە ڕاستەوخۆ كاریگەری لەسەركۆمەڵگاوە هەبێت لە كاتێكدا ئەو كاریگەریە پرۆسەیەكی مێژوویيە پێویستی بەزەمەنێكی دوورو درێژ هەیە, پێویستی بەگۆڕانكاری زۆر گەورە هەیە لەكۆمەڵگا, بەلای من ئەوە زۆر گرنگ نیە,كەچەند نووسەروكێمان هەیە, ئەوەی گرنگە چۆن نووسینەكانن نەك چی نووسین, چونكە چی نووسین بەڕاستی یەكجار زۆرە, هەرچی تۆ دەتەوێ دەتوانێ لەسەری بنووسی, گرنگ لەنووسیندا چۆن نوسینە نەك چی نووسین, كەمەسەلەی چۆن بنووسین بێتەگۆڕێ ئەو كات دەكەوینە دنیایەك كە خۆمان لەمەسەلەی تەكنیك دەدەین لەفانتازیا دەدەین, چۆنیەتی كاركردنە لەسەر ئەكتەر یان پاڵەوانی نێو نووسینەكە, یاخود ئەو فەزایەی تۆ دەیخوڵقێنی لەكاتی نوسیندا, ئەلەوێدا بەتوانایی نووسەر دەردەكەوێت كەتۆ لەبابەتێكی زۆر سادە كارێكی یەكجار گەورە دروست

دەکەیت, ئەلەوێ ئێمە دەتوانین خۆمان لەتەقلیدیەتی نووسین رزگار بکەین کە پێی دەڵێن چۆن نووسین, بۆنمونە خۆشەویستی مەسەلەیەکە ڕەنگ بێت سەدان ڕۆمانی لەسەر نووسرابێت, بەڕای من ئەوە گرنگ نیە, گرنگ ئەوەیە لەسەر خۆشەویستیچۆن دەنووسیت, یان کێشەی تەکنیك زۆر گرنگە لەنووسین. لەڕێگەی تەکنیکەوە دەتوانیت پەیوەندییلەنێوان خۆت لەگەڵ قارەمانەکانی یا ڕووداوەکانی نێو نووسینەکە دروست بکەیت, لەگەڵ پاڵەوانو ڕووداوەکانی دەجولێیتەوە, کاتێ ئەو دەقە دەچێتە دەرەوە دەتوانێت پەیوەندیەك لەگەڵ خوێنەر دروست بکا, بۆیە وەکو وتم ئەو پەیوەندیە لەچۆن نووسینەوەیە, ئەوکاریگەریەش هەرلەڕێگەی چۆن نووسینەوە دێتە دی, بەلاّم لەپڕۆسەیەکی دوورو درێژدا, ئێمە گۆشکراوین بە کۆمەڵێك حیکایەتی سەیرو سەمەرە, ئەمانە بەڕاستی کاریگەرییان لەسەر گوێبیستیەکانی ئەو حیکایەتانە هەبووە, حەرەکەتی ئێستای ئێمە بەدەرنیە لەگوتارەکانی نێو ئەو حیکایەتانە, ئەگەر ئێمە بتوانین ئەو شێوە نووسینە بدۆزینەوە کە جولەیەك بەخوێنەر بدات دنیایەکی تری بۆ دروست بکا, لەدوای ئەو خوێندنەوەیە خوێندنەوەیەکی تری پێ ببەخشیت, مانای وایە تۆ کار لەسەر پانتایی دنیای خەیاڵی ئەو فراوانترکردنی دەکەیت, هەتا خوێنەریش دەتوانێ لەناویدا بجولێتەوە, بۆیە ئەو پەیوەندیە گرنگە لەنێوان خوێنەرو دەق, لەنێوان نووسەرو دەق.

پرسیار: ئەوەی تۆ دەیڵێیت تێڕوانینی گشتیە, با لەئاست دەقی کوردیەوە سەیری ئەو حاڵەتە بکەین با دوو نموونە بهێنینەوە, ئەزمونی هەریەك لە شێرزاد حەسەنو فەرهاد پیربال, لای شێرزاد نووسین ڕەخنەگرتنە لە سیستمی نێرسالاری کە لە ڕێگەی فانتازیا ئیش دەکات, کەچی ئەزموونی فەرهاد جیاوازە, ڕەخنەگرتن لەستایلی فۆڕمە, بەلاّم ئەو ستایلە جارێکی تر خۆی بەرهەم ناهێنێتەوە لەناو زماندا, واتە خەیاڵەکە لەپێناو خەیاڵدایە, واتا ئیش ناکاتەوە لەناو زمان, تۆ چۆن سەیری ئەو دوو ئەزموونە ئەکەیت؟

وەلاّم: من وای دەبینم شێرزاد کار لەسەر مەسەلەیەکی گرنگی نێو کۆمەڵگا دەکات, ڕەنگە جۆرەها تەفسیریشی بۆ بکرێت, ئەو مەسەلەیەکی دەست نیشان کردووە, کەنەك کۆمەڵگای کوردیی, بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵگای خۆرهەلاّتی هەمووی وایە, ئەو کار لەسەر کۆمەڵگای کوردیی دەکات, دەیەوێ پێمان بڵێ کە هەموو ئەو حکایەتانەی پەیوەندن بەمنداڵی ئێمەوە, بەنەخۆشەکانی منداڵیمان, بەگەنجانی ئێمەن هەمووی لەشوێنێکەوە سەرچاوە دەگرن, باوك لای ئەو ڕەمزی کۆمەڵگایە, باوك لای ئەو بەرهەمهێنەری کارەساتەکانی نێو کۆمەڵگایە, باوك لای ئەو باوکێکی سادە نییە, کە منو تۆ کوڕی ئەوین, بەڵێ ئەو باوکەش کەمنو تۆی دروست کردووە هەڵگری کۆمەڵێك خەسڵەتی ئەو باوکەیە کەوا شێرزاد باسی دەکات, شێرزاد باسی سیستەمی کۆمەلاّیەتی دەکات, باسی ئەوە دەکات ئەو سیستەمە چۆن دەسەلاّتی دابەشکردووە بەسەر پیاوانی ئەو کۆمەڵگایە, لەنێو هەموو پیاوەکانی ئەو کۆمەڵگایەشدا خەسڵەتەکانی ئەو سیستەمە دەردەکەون, هەر یەکێك لەئێمە کە کوڕی باوکێکین بۆ خۆشمان کە باوکین, هەڵگری خەسڵەتی ئەو سیستەمە کۆمەلاّیەتیەین, ڕەفتارکردنمان لەگەڵ بچوکترین دیاردەکانی نێو کۆمەڵگا, شێرزاد بەڕاستی توانیویەتی ئەو قۆناغە ئەو سیستەمە کۆمەلاّیەتیە بکا, بەشێوەیەك ئاراستەی خوێنەری بکات کە کۆمەڵێك پرسیاری زۆر گرنگی لا دروست بکات, بەر لەهەمووشی ئەو هەستەی بۆ بخوڵقێنێت کە یەکێك لەدەرگا نهێنیەکانی بۆ دەکاتەوە, دەتوانێت لەڕێگای کردنەوەی ئەو دەرگایە بچێتە ناو خودی خۆی, لەوێدا بەنێو دونیای خۆیدا بگەڕێت, ئەو کات هەست دەکات ئەو یەکێکە لەتوخمە کاریگەرەکانی نێو ڕووداوەکان, ئەلەوێدا هەڵوێست وەردەگرێتو هەست بەبوونی خۆی, شێرزاد قسە لەگەڵ خوێنەر دەکات, ئەو نەهاتووە مونازەرەیەکی فکری لەگەڵ مونەزیرێك بکات, وەکو وتم ئەو باس لەکۆمەڵگا دەکات بەو شێوەیەی کە هەیە, بەلاّم لەڕێگای ئەدەبو چیرۆکەوە, ئەو ناچارە پەنا بۆ فەنتازیا ببات, ناچارە پەنا بۆ کۆمەڵێك مەسەلە ببات کەوا ڕەنگ بێت تا ئەو کاتەی دەیخوێنینەوە هەست دەکەین ئەو مەسەلانە نامۆن, جاری وا هەیە بەنامەعقولی دێنەبەر چاومان, جاری وا هەیە پرسیاری گەورە لەلامان دروست دەبێت, بۆ دەبێت ئەو کەسە ئاوا بێت, بەلاّم لەکۆتاییدا ئەگەر بەوردی سەیری چیرۆکەکانی شێرزاد بکەین, هەست دەکەین ئەو باسی یەك مەسەلە دەکات, بەلاّم بەدەیان شێوە دەیگێڕێتەوە, ئەو باسی کێشەیەك

دەکات کە کۆمەڵگای کۆنترۆڵ کردووە, بەڵام بەدەیان شێوە نووسین, بەدەیان زمان, جگە لەوەی ئەو هەوڵیداوە لەرێگای ئەو کارە ئەدەبیەی, کۆمەڵێك شتی دیکە بەئێمە بڵێت کە لەدەوروبەری ئێمە ڕوودەدەن, ئاگاداری نین, کەواتە شێرزاد لەرێگای ئەو بابەتەوە,و بەهێزی فانتازیاوە کار لەسەر کۆمەڵگا دەکات.

پرسیار: ئەوە لەسەر کارەکانی مامۆستا شێرزاد بەڵام لای د. فەرهاد حاڵەتەکە جیاوازە, ڕەخنەکە هەیە واقعەکەش تاڕادەیەکی زۆر ڕەنگ ئەداتەوە, بەوەی ئەگەر خەیاڵێك هەبێت ئەوە خەیاڵی واقیعەکەیەو خەیاڵی نووسەرەکە نیە لەناو دەقەکە, یانی لای فەرهاد زمانی واقیعەکەیە ئەو فۆڕمە چۆن ئەبینی لەناو دەقدا؟

وەڵام: ڕاست ئەکەی ئەو شێوە نووسینەی فەرهاد ئەو مۆرکەی پێوە دیارە زۆربەی بابەتەکانی لەڕاستیدا ڕووداوی واقیعین ڕەنگە زۆربەی نووسینەکانی ڕووداوی شەخسیش بن, خۆشی کەسێکی زۆر چالاکی نێو چیرۆکەکانی بێت, لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەوڵیداوە فانتازیا لەچیرۆکەکانیدا بەکاربهێنێت, بەڵام ڕاستیەکەی دەتوانم بڵێم فانتازیایەکی واقعیانەی وەك هەر کەسێك ئەوەی لەدانیشتنێکی زۆر سادە خەیاڵی بۆ شتێك دەچێت, دەرخستووەبەڵام ئەوە نیە کە ئەو کەسە یان ئەو ڕووداوە ببێت بە میحوەر لەدونیای فانتازیادا حەرەکەت بکات, بەو مانایە فانتازیا ببێتە بەشێکی هەرە گرنگ لەچیرۆکەکە دا, دەتوانین بڵێین ئەو کەسانە مرۆڤی واقیعین,لەوواقیعێکیش دەجولێنەوە کەهەموومان هەستی پیٚ دەکەین,واتە کەس و ڕووداوێکمان بەبیر دەهێنێتنەوە, کە بینیومانن و لەدەورو دەکرێت ڕۆژانە بیان بینینەوە کەسی نامۆ نین, کەسەکان هەندێکیان ناسراویشن, ڕاستە نووسەر لەڕێگەیەوە مەبەستی خۆی توانیویەتی هەندیٚ پەل وپۆ بۆ پاڵەوانەکان دروست بکات, ڕەنگ بێت لەڕێڕەوی چیرۆك گێڕانەوەکەی  خودی کەسەکە واقیعیەکە بڵێت من شتی وام نەبووە, یان من شتی وام نەگوتووە,نووسەر بۆی دروست کردوومە, ئەوە پەیوەندی بەشێوە نووسینی نووسەرەکەوە هەیە, ئەو مەبەستیەتی کەسایەتیەکان بەو شێوەیە دابڕێژێت, بەڕاستی ئەوە لە چیرۆکەکانی فەرهاد کەسایەتی ئازاد نیە, واتا بەئازادی نەخولڵاون, بەڵکو ئەوە فەرهادە کاریان لەسەر دەکات, فەرهاد لەچیرۆکەکانیدا ئەو کەسانەی دەیان خولقێنێت ئازاد نین ئەوەی خۆیان بیانەوێت, ڕەنگە لەلای شێرزاد ئەوە جیا بێت, ئەو کەسانەی لەچیرۆکەکانی شێرزاد دەخولقێنێت ئازادبن, وەك ئەوە ناجولێنەوە کە شێرزاد دەیەوێت, بەڵکو وەك ئەوە دەجولێنەوە کە خۆیان دەیانەوێت.

پرسیار: بەڵام ئایا هەست ناکەیت لای شێرزاد تەواوی پرۆسەی نووسین چیرۆکێکە, بەمانای ئەوەی هەر دەقێك چیرۆکێکی تەواو نەکراوەو دەبێت لەچیرۆکێکی‌تردا بەدوای بگەڕێین نارەزایەتی و ڕەخنە سادەکانی منداڵی حەمە لەگوڵی ڕەش و دواتر دەرکەوتنەوەی لەعیزرائیل و تا دەگاتە ئەوەی کە لەحەساردا باوکی بکوژێت, خۆ دەشیٚ بڵێین ئەوە حەمەی گوڵی ڕەش بوو خەونی کوشتنی باوکی لەحەساردا هەبوو؟

وەڵام:لەسەرەتادا وتم شێرزاد باس لەسیستمێکی کۆمەڵایەتی ئەکات, بۆیە سەیر نیە ئەگەرکەسایەتیە سەرەکیەکانلەزۆربەی چیرۆکەکان دووبارە ببنەوە, چونکە وەکو وتم ئەو باس لەیەك کێشە دەکات بەڵام بەدەیان شێوە دەیانگێڕێتەوە, بەدەیان ڕێگا بۆی دەچێت, ئەوەیە یەکێك لەنهێنیە سەرکەوتووەکانی شێرزاد حەسەن, بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە چیرۆکەکانی فەرهاد بەبەراوورد لەگەڵ چیرۆکەکانی شێرزادسەرکەوتوو نین, شێوە نووسینی فەرهاد جیایە لەگەڵ شێرزاد, بەڵام من بۆ خۆم تەسەورم وایە پایەی ئەسڵی چیرۆکی نویٚ فانتازیایە, لێرەدایە کە شێرزاد بەردەوام لەنێو کۆندا بەدوای دۆزینەوەی  نوێدا دەگەڕێت